ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

# بەرنامەی
# چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی
# نەتەوەی کورد

لەلایەن دووەمین کۆنفەرانسەوە پەسندکراوە

ئابی ١٩٨٢

تێبینی :

داڕشتنی بەرنامەیەک ، بۆ رزگاری و گۆڕان و گەشە کردنی کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم ، بە گوێرەی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان لە سەر بنچینەی قانون و سەرەتا گشتییەکانی مارکسیزم - لینینیزم ، لە هەلومەرجی ئاڵۆزی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و دنیادا ..... مەسەلەیەکی گرنگ و کارێکی سەختە ، چونکە نە دەرفەتی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئاماری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی رێکوپێک لە کۆمەڵەکەماندا هەبووە ، نە لێکۆڵینەوە و نووسینی تێر و دەوڵەمەندیش لەو بارەیەوە هەیە ... وا بەرنامەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد ، کە لە لایەن دووەمین کۆنفەرانسەوە پەسەند کراوە .... وەکو یەکەمین تاقیکردنەوە لەم مەیدانەدا پێشکەشی بە کرێکاران و رەنجدەران و رۆشنبیرانی شۆڕشگێری گەلەکەمان ئەکەین .

لەبەر ئەوە داوا لە هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە و دڵسۆزانی جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلەکەمان ئەکەین کە تێبینی و رەخنە و پێشنیاری خۆیانمان دەربارەی کەموکورییەکانی ئەم بەرنامەیە بۆ بنێرن ، تا بتوانین کەلێنەکانی پڕبکەینەوە .

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ناوەند -

بەرنامەی

چارەسەر کردنی کێشـەو نەتەوایەتی

نەتەوەی کـــورد

## بەشی یەکەم

کرێکارانی دنیا ، ئەگەرچی بەرەو ئامانجی کۆتایی و یەکدوژمنی سەرەکی هاوبەش ، لەسەر ئاستی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان یەکیان گرتووە . بەلام هەموویان لە یەک قۆناغی لەیەکچوو وەک یەکدا روبەڕووی هەمان ئەرکی راستەوخۆ نابنەوە ... لەگەل جیاوازی ئەو قۆناغە جیاجیا و ئەرک و فرمانە راستەوخۆ و جۆراو جۆرانەشدا ، دوا ئامانجی هەموویان و جولانەوەکەشیان رامالینی رژێمی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزمە .

مارکسیە-لینینیەکان لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایەدا بن هەلگری بیروبۆچون و بارپێزەری بەرژەوەندی و ویستی چینی کرێکارن و هەلگری ئالای گۆڕان و گەشەپێدانی کۆمەلەکانیانن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە گەورەیە کە دامەزراندنی سۆسیالیزمە .

مارکسیە - لینینیەکانی کوردستانیش هەمان دەور و هەمان ئامانجی گەورەی کرێکارانیان هەیە ، کە بۆ پێشەوە بردنی کۆمەلە تا دامەزراندنی سۆسیالیزم .

چینی کرێکار لە کوردستان دا لە چوار پارچەی وولاتێکی داگیرکراو و دابەشکراودا ئەژی کە :

١ بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتی کوردستان ، ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی چینایەتیان ، لەم قۆناغەدا ، خۆی لە رزگاری نیشتمانی و ئازادی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی دا ئەنوێنی .

٢ لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا ، یەک رژێمی سیاسی خۆی بەسەر بەشێکی نەتەوەی کورد لەگەل بەشێکی نەتەوەیەکی تر ، یان لەگەل چەند نەتەوەیەکی تر و چەندکەمە نەتەوایەتیەکی تر

داسەپاندووە . ولەچوارچێوەی یەک سیستەمی ئابوری کۆمەلایەتی جیاوازو ناهاوتایاندا بەزۆری حوکمی دیکتاتۆری لەقالبی داون .

بۆیە چینی کرێکار لە هەر بەشێکی کوردستان دا ، ئەرکی هاوخەباتی و یەکێتی تێکۆشانی لەگەل کرێکاران و چینە ستەمدیدەکانی ئەو گەلانەی لەگەلیاندا ئەژی ئەکەوێتە ئەستۆی ، ئەبێ لە هەموو سەردەمێک دا هاوکاری و پشتیوانی خۆی لە خەباتی پرۆلیتاریای ئەو گەلە و جولانەوەی ستەمدیدەکانیان ، لەپێناوی رزگاری و دیموکراتی و سۆسیالیزم دا جێبەجێ بکا .

٣ یەکگرتنی هەموو کرێکارانی سەرانسەری کوردستان لە چوارچێوەی یەک ستراتیجی هاوبەش دا .. وە گرێدانەوەی خەباتی هاوبەش و یەکێتی تێکۆشانی کرێکارانی کوردستان لەگەل کرێکاران و کۆمەلانی خەلکی ستەمدیدەی گەلانی ئەو دەولەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ، ئەبێتە هۆیەکی کاریگەر لە پێکهێنانی جولانەوەیەکی ستەمدیدەی مەزن و کوردستانیش ئەکاتە قەلایەکی ستەمدیدەی ناوچەکەدا .

هەلومەرجە بابەتی و خۆییەکان لە کوردستان وناوچەکەدا ئیمتیاحی روداوەکان و رەوتی گۆڕان و گەشەکردنیان هەموو کرێکارانی کوردستان لە بەرامبەر یەک ئەرکی مێژوویی و راستەوخودا یەک ئەخا ، ئەویش چارەسەرکردنی تەواوی کێشەی نەتەوایەتی کوردە لە پێناوی تەواوکردنی ئەرکەکانی رزگاری نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و درێژەپێدان و پەیوەندی بە شۆڕشی سۆسیالیستیەوە .

٤ لە کوردستانی عێراق دا ، کە لە ژێردەستی رژێمێکدایە سروشتەکەی سەرمایەداری دەولەتە ، بورجوازی بیروکراتی تیا دەسەلاتدارە ، لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد دا رەگەزپەرست ولە مەسەلەی ئازادییە دیموکراتیەکاندا رەفتارفاشیە .

بۆیە ڕاماڵینی دەسەڵاتی ڕژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی بۆرجوازی بیرۆکراتی لە کوردستانی عیراق‌دا و دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتی خەڵک لە ئەرکەکانی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستانە ، دەربازبوونی کوردستانی عیراق لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی ، زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتنی تەواوەتی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی خۆش ئەکا .

٥ بە درێژایی ماوەی داگیرکردن و پارچەپارچەکردنی کوردستان و دیل کردن و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد ، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەباتێکی بێ‌وچان و پڕ لە گیانبازییان دژی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بۆ مافی ڕەوای خۆیان کردوە ، بەڵام هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی داواکانیان بوونەتەوە ، بە زەبری جەنگ و پەلاماردانی سەربازی سەرکوتیان کردون و پەلاماری کوردستانیان داوە ، کاولکردن و لەناوبردنیان خزاندوەتە هەموو گوند و شار و شارۆچکەیەوە ، سامان و خێروبێری وڵاتەکەیان تاڵان کردون ، وەک هەموو داگیرکەرێک دڵیان بە ئاوەدانی و سامان و مرۆڤەکانی کوردستان نەسوتاوە .

٦ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ، لە ڕووی ئەو شێوە ڕەفتارەی داگیرکەراندا ، لە ڕووی هێرش و پەلاماردانی سەربازی و لە ڕووی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی شوێنەواری نەتەوەیی کوردستاندا هیچ دەرفەتێکی خەباتی دیموکراتییان بۆ نەماوەتەوە ، ئەوسا ناچار بوون کە پەنا ببەنە بەر خەباتی چەکدارانە ، بۆیە خەباتی چەکدارانە بوتە شێوەی سەرەکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان .

٧ سەرەرای ئەوەی کە لە هەلومەرجی ئێستادا خەباتی چەکدار شێوەی سەرەکی تێکۆشانە ، بەڵام گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، و ئەرازووی هێزەکان لە هەر پلەیەکی



دیاریکراودا شێوەی سەرەکی و شێوەکانی تری خەبات بڕیار ئەدەن و ئەگۆڕێن ، وە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەبێ لە خزمەتی پێکهێنانی ئەرکی سەرەکی و ستراتیجی قۆناغەکەدا بێ .

٨ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە پێی جیهانبینی مارکسیزم-لینینیزم لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی بزووتنەوەی بابەتی واقیعی ملموسی گەلی کوردستان و بەرژەوەندی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە دژی ئیمپریالیزم بەرنامەی خۆی بۆ ئەم قۆناغە دائەڕێژێ ، بەبێ ئەوەی ڕێگە بدا سیاسەتی کلکایەتی ئینتیجاهە جۆراوجۆرەکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهان ڕاستییەکانی لێ ئاوەژوو بکاتەوە و سەربەخۆیی سیاسی و ئایدیۆلۆجی بێ لە دەست بدا .

بۆیە خۆبەستنەوە بە سەرەتا و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم - لینینیزم و جێبەجێ کردنی خولقێنەرانەی لە هەلومەرجی دیاریکراوی کوردستاندا بەردی بناغەی سیاسەتی دروست و دژایەتی کردنی هەموو لادانێکی ڕیفۆرمیستی و دۆگماتیستی و تەجروبەگەری ئەبێ .

★ ★ ★

# بەشی دووەم

١/١ کوردستان وڵاتێکی داگیر و دابەشکراوە وکورد نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراو و ژێردەستەیە ... لە ئەنجامی دابەش کردنەوەی دنیا لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دا، پاش یەکەمین جەنگی جیهانی بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا) دابەشکراوە، هەر پارچەیەشی بە زۆر لکێندراوە بە یەکێک لەو دەوڵەتانەوە.

٢/١ داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و زەوتکردنی هەموو مافە رەوا و دیموکراتیەکانی گەلەکەی و سەپاندنی سەخت ترین شێوەی چەوسانەوە و ئازاردانی جیهانیەتی و نەتەوایەتی بەسەریدا گەورەترین هۆی پاشکەوتنی ئابووری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی گەلی کوردستانە و ڕێگەی گەشەکردنی لە هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گرتووە، بۆتە مایەی مانەوەی ئەو گەشەکردنە نائاساییە لاوازەی کە بە درێژایی ئەو ماوەیە ڕووی داوە.

٣/١ داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و پاشکەوتنی کۆمەڵی کوردستان نەخشەیەکی ئیمپریالیزمە، پێچەوانەی ویستی نەتەوەی کورد و بەرژەوەندی ئەو گەلانەیە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە بە زۆر پێوەیان لکێندراوە، هەروەک هۆیەکی گرنگی هێشتنەوەی زەمینەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییانە و هۆیەکی تا ئێستەی ناوچەکە و دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم لە کاروباری ئەو گەلانە و لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانیش دا.

٤/١ داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و کەرت و پەرت کردنی نەتەوەی کورد نەیتوانیوە بە تەواوەتی پەیوەندییەکانی کوردستان و کۆمەڵەکەی لەیەک دابپڕێ. واقیعی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی تەواو جیاواز و لەیەکتر دابڕاوی پێک نەهێنی، بەڵکە ئەو سیاسەتە هاوبەش و لە یەکچووەی داگیرکەران لە دژی نەتەوەی کورد پەیڕەوی دەکەن، چەوسانەوە و پاشکەوتنی بەسەردا دەسەپێنن، نەک هەر توانای لە یەکتر ترازانی پارچەکانی نەبووە، بەڵکە توانای تێکەڵ کردن و یەکخستنی ئەو پارچانەی کوردستانیشیان نەبووە لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکان دا.

٢/٢ لە داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی کورد و لە بەرپەرچدانەوەکانی و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان دژی ئەو چەوسانەوەیە، لە ئەنجامی پەیدابوونەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش جوڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لە ناوەوەی کۆمەڵی کوردستان دا پەیدا بوو، چەندەها سەردەمی هەڵچوون و نیشتنەوەی بە خۆیەوە دیوە بە بێ ئەوەی لە بزووتن بکەوێ تا بوو بە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی مێژوو کرد.

٣/٢ جوڵانەوەی مێژوویی هەناوی کۆمەڵی کوردستان، ڕوو لە چارەسەرکردنی تەواو و بنەڕەتی کێشەی نەتەوایەتی کوردستانە کە پارچەپارچە ناکرێ، و چارەسەرکردنی لە تەنیا پارچەیەکیدا مانای چارەسەری بنەڕەتی تەواو ناگەیەنێ و ئامانجەکانیشی جێبەجێ ناکات.

٤/٢ چارەسەری بنەڕەتی کێشەی نەتەوایەتی کوردستان، بە سەربەستی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا ئەکرێ کە ئەویش خۆی لە ڕزگاری نیشتمانی کوردستان دا ئەنوێنێ و ئەبێتە هۆی ئەوەی:

١/٤/٢ زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەو سۆسیالیزم لە کوردستان دا خۆش بکا.

٢/٤/٢ ڕێزبەستنی چینایەتی بە شێوەیەکی لەبارتر بۆ ڕێخۆش بۆ خەملینی خەباتی چینایەتی و بە ئاشکرا کەوتنە سەر ڕێگای

بەرەوپێشەوەچوونی خۆی و سەرکەوتنی چینی کرێکاری بەدیهاتی دوا ئامانجی کرێکارانی کوردستان .

٣/٤/٢ دەسەڵات و قەڵەمڕەوی بورجوازی لەو وڵاتانەدا کە نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە لاوازتر ببێ ، هەروەها ئەو پایەگا و دەسەڵاتانەش بلەقێنێ کە ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان لە ناوچەکەدا چەسپاندوویانە .

٤/٤/٢ هەر و بیانوویەکی زل بۆ دەستێوەردانی ئیمپریالیزم و لووت زەنین لە کاروباری ئەو گەلانەدا نەهێڵێ .

٥/٤/٢ گەلانی ناوچەکە لە کێشەیەکی قووڵ و کرێکارانیشیان لە هاوبەشی کردن لە ئازاردان و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد دەرباز بکا ، هەلومەرجێکی لەبارتریش بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوەی رزگاری و دیموکراتی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئەو گەلانە بەرەو سۆسیالیزم خۆش بکا .

٦/٤/٢ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتی کورد کلیلی گۆڕانێکی گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، باری ناوچەکە بە قازانجی گەلان و هێزی سۆسیالیستی جیهان ئەگۆڕێ .

٥/٢ رزگاری نیشتمانیی کوردستان و سەربەستی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیدا ، کە مافێکی رەوا و ئاسایی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەستە ، نەک هەر پەیوەندی بەرژەوەندی و پاشەڕۆژی گەلانی ناوچەکە بە گشتی و کرێکاران بە تایبەتی نییە ، تایبەتە خۆی ناکۆکی و ناتەباییان ، بەڵکە هۆیەکی کاریگەر ئەبێ لە پتەو کردنی یەکێتی تێکۆشان و هاوخەباتی و پەیوەندی کردنی یەکتری لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و لە پێناوی رزگاری و دیموکراتی و سۆسیالیزمدا .

٦/٢ جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانیی کوردستان لە پێناوی رزگاری و دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بەرەو سۆسیالیزم ئەڵقەیەکی لە پساندن نەهاتووی هوریی رزگاری گەلانی



رزگاریخوازی دنیایە ، کە بەشێکی گرنگی هێزی سۆسیالیستی جیهان پێک ئەهێنێ . بەشداری کردنی کاریگەر و رابەرایەتی کردنی ئەو جوڵانەوەیە لە لایەن کرێکارانەوە نوێنەرەوەی گیانی راستەقینەی ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریایە لەسەر زەمینی کوردستانەوە .

١/٣ قۆناغی خەباتی ئێستای کوردستان ، قۆناغی رزگاری نیشتمانیی دیموکراتییە ، چونکە کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەست و پارچەپارچەکراو ، کوردستانیش وەکو نیشتمانێکی داگیر و دابەشکراو ، جوڵانەوە مێژووییەکەی بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕان و گەشەکردنی لە رزگاری نیشتمانیی کوردستان و ئازادی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتیدا بەرەو سۆسیالیزم ، خۆی ئەنوێنێ .

٢/٣ ئامانجی قۆناغەکە ، رزگاری نیشتمانیی کوردستان و دابین کردنی دیموکراتی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە و بردنیشی بەرەو سۆسیالیزم .

٣/٣ چینی کرێکار هێزی سەرکردە و جەماوەری رەنجدەرانی کوردستان هێزی بنچینەیی جوڵانەوەکەن .

٤/٣ هاوپەیمانێتی کرێکاران و جووتیاران بناغەی هاوپەیمانییەکی فراوانتری بەینی ئەوان و بورجوازی بچووکی شارەکان و توێژی پێشکەوتنخوازی بورجوازی نیشتمانییە .

٥/٣ گورزی سەرەکی خەبات ئاراستەی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیان ئەکرێ ، لە پێناوی هێنانەدی ئامانجی گەورەی رزگاری نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتنەوە و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەرەو سۆسیالیزم .

١/٤ بەهێز کردنی پەیوەندی هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان دا بەگشتی و لەگەڵ ریکخراوی ( م . ل ) ، کاندا بە تایبەتی لەسەر چوارچێوەی ستراتیجێکی هاوبەشدا ، و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی ئەو هاوخەباتییە ، ئەمەوان

مارکسیەلینینیەکانی سەرانسەری کوردستان بەسەرە و
چەسپاندنی دەوری مێژوویی چینی کرێکار لە سەرکردایەتی
کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا
لەپێناوی ڕزگاری نەتەوایەتی کوردستان و گەشەکردنی
کۆمەڵایەتی [illegible] گەیاندنی بە سۆشیالیزم .

٢/٤ بەهێز کردنی هاوکاری و یەکێتی تێکۆشان لەگەڵ جوڵانەوەی
چینی کرێکار و هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی
عەرەب و گەلانی تورکیا و ئێران بەگشتی و عێراق بە
تایبەتی . و برایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزانە وەکو
نەتەوایەتییەکان ، هەروەها بەهێز کردنی پەیوەندییەکان
لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهاندا . لە پێناوی
ڕزگاری و دیموکراتی و سۆشیالیزمدا .